# شیردان ئەگەرهۆیەک بێت بۆنزیکبونەوەی دایک لەمنداڵ ...! ئەشێت هۆیەکیش بێتبۆدورکەوتنەوەی لە پیاوەکەی.... ؟

دایک تەنیالەبەرئەوەشیرنادات بەمنداڵەکەی چونکەمنداڵەکەی پێویستی بەشیرە،بەڵکوبۆئەوەی شادودڵخۆشیش بێت.

(مارگریت مید

**ڕێپۆرتاژوبەدواداچونی**

**کامەران ئیسحاق پەری**

شیردان بەمنداڵی شیرەخۆرلەهەندێک لەکۆمەڵگاپێگەیشتوەکان،تائەندازەیەک فەرمانێکی زەحمەتە زۆرجارلێرەولەوێش،دوریان نزیک لەگوێ بیستی ئەوەداین کەمنداڵانی خۆرئاوالەگەڵ ساتەکانی گەورە بوون وفام کردنەوە سۆزوخۆشەویستییان بۆچەمکی دایکوخۆشەویستیوپابەندی بۆخێزان کەمترەلەمنداڵێکی گۆشدراوی کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتی.هۆکەشی بۆکەمی سۆز بەخشراوخۆشەویستی دایکوباوکی ئەومنداڵە دەگەڕێنینەوەکەهەرلەمنداڵیەوەولەیەکەمساتە وەختی شیردانولە ئامێزگرتندا،ئەم کەمتەرخەمیوخەمساردی یەبەدیدەکەینوهەموکێشەکان وبێ ڕێزییەکان بەرامبەربەدایک،لەپاشەڕۆژدالەوێوە دەست پێدەکات،ئەگەرچی من لەگەڵ تەواوی ئەو ڕایەنیم،بەڵام پێشم وایەگەربەشیوەیەکی ڕاستودروست بە بەردەوامیوبێ دابران شیربدرێت بەمنداڵی ساواگەشەسەندنوهێزی بۆبەرەنگاربوونی زەحمەتیوسەرکێشییەکانی ژیان باشتردەبێت مەسەلەی شیردان بەمنداڵ دایک تاقەڕەگەزوبەتەنێ بەشدارنییەتیایدابگرەپیاویش کەباوکە بەشێوەیەکی ئاڕاستەکراورۆڵ لەمەسەلەکەدەبینێت جگەلەوەش ژینگەوجۆری کۆمەڵگای گۆشدراوبەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆکاردانەوەی خۆی بۆدیاریکردنودەرخستنی هەندێکی لایەنە نێگەتیفوشاراوەکانی شیردان بەمنداڵی شیرەخۆرهەیەمەبەستیش لەشوێنەواروتڕێروانینی کۆمەڵگائەوەیەکەچۆن مامەڵەلەگەڵ دایکومنداڵێکی شیرەخۆردادەکات یان ڕاست تر تێڕوانینیان چۆنە ؟بۆدایکێکی شیردار،هەموناوەندەزانستییەکانی ئەم چەرخەلەکۆنترین ونوێترین توێژینەوەیان لەمەڕسودەکانی شیردانی دایک بەکۆرپەکەی،جەخت لەسەرئەوەدەکەنەوەکەشیری دایک باشترین ئامرازوچەکەبۆبەرەنگاریکردنوجەنگی منداڵ بۆهەربارودۆخوئەگەرێکی چاوەڕوان نەکراوکەڕەنگە کار لەتەندروستی یان گەورەبوونوگەشەکردنی ئەقڵوبونیەی منداڵە کەبکات،کەچی لەگەڵ ئەوەشدادایکانی خۆرئاوا تاڕادەیەک،بەبەرواردیان لەگەڵ دایکی کۆمەڵگاکانی ترلەشیردان ،بەمنداڵەکانیان کەمتەرخەموخەمساردی ئەنوێنن،بەڕای من یەکێک لەوهۆیانەی کەوای کردوە دایکێکی خۆرئاوای کەمتربیرلەئەرکیدایکایەتی بکاتوشیربدات بەمنداڵەشیرخۆرەکەی هی ئەوەیە ڕۆڵی(ژن) لەناوئەوکۆمەڵگایانە چۆنە؟چمکێکم ژن لەخۆرئاوادا بەتەنهادایک نییە! بگرەدایکایەتی دەچیتەخانەی دووهەمو سێهەموچوارەمی پێگەومەهامەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی...ژن لەم کۆمەڵگایانە دابەرلەهەموو شتێک(مرۆڤە)نەک بەخێوکەری منداڵوخزمەتکاری پیاوپاشانیش دەستی کارە،خوێندەوارە،هۆشمەندە،ولەهەندێک جێشدا سیاسەتمەدارەودەسەڵاتداروخاوەنی بڕیارە...لەم ڕوانگەیەشەوەدەتوانین بڵێن کەمەسەلەی گرنگی دان بەخود

،خانەیەکی باڵاتردەبینێت وەک لەگرنگی دان بەمنداڵ هەرلەچوارچێوەی ئەوگرنگی دانەش‌بەخودمەسەلەی گرنگی دان بەچۆنیەتی پێکەوەژیانی ژن وپیاو لەناوکۆمەڵدا دێتەپێشی،ژنی خۆرئاوای دەیەوێت وێڕای منداڵ بون ووەچەخستنەوەوخۆخەریک کردنوکات خەرجکردن بەگەورەکردنیان خۆشیوچێژەکانی تری ژیانی لەدەست نەدات بەمانایەکی تر(دایکایەتی)بەدیدی ژنی خۆرئاوایی نابێت ڕێگەلە گەشە سەندنوگرنگی دان بەخۆودەوروبەر بگرێت..هەربۆیەئەوروپیەکان بۆمەسەلەی (منداڵ زۆری) کاربەوپەندەدەکەن کەدەڵیت(یەکیک کەمەوهەبوونی دووانیش زۆرە)..!؟جالەهەبوونی ئەم ڕاڤەکردن وتیفکرینە ژن هەوڵدەدات پیاوهەست نەکات کەکە نارگیرودورەپەرێزخراوەولەپاش منداڵ بوون گرنگیەکی زۆری پێ نادرێت.بەتایبەت گرنگی دان بەتێرکردنی

ئارەزووە سێکسی یەکانی پیاوکەخەمی یەکەمی زۆرینەی پیاوەکانە..بیگوێدانە ئەوگۆڕانکارییە بایلۆژیو دەروون یانەی کەلەدەرگاوژیانی ژن لەپاش منداڵبوون ئەدەن.ئەمانە هەمووی وای کردوە کەگرنگی دان بە پرۆسیسیشیردانی دایک بەمنداڵی شیرخۆر تاڕادەیەک کەمتەرخەمی وخەم ساردی تیابەدی بکرێت ،
(مارگریت مید) کەباسکارێکی مرۆیی سویدی یەدەڵێت؛دایک تەنیالەبەرئەوەشیرنادات بەمنداڵەکەی چونکە منداڵەکەی پێویستی بەشیرە،بەڵکوبۆئەوەی شادودڵخۆشیش بێت.!
جالەڕاستیداهێشتازۆربەڕوونی بۆمانساغ نەبۆتەوە کەکامیان دڵشادودڵخۆشبێت منداڵەکەیاخود دایکەکە. ئایا مەبەست لەخۆشبەخشی ...دڵشادی منداڵەیاخوددایکەکەیە؟
ڕەنگەبۆژنێکی ڕۆژهەڵاتی دڵ رەشوکونکونکراووکەم بوارئەوەبەڕاست بزانین کەدایکان هەوڵ دەدەن لەڕیگەی شیردان بەکۆرپەکانیانزۆرترین دڵخۆشیوشادی لەسەرحیسابی ماندووی خێزانوئارەزووەخۆویستییەکانی پیاولەخۆشبەختیوبەختەوەری دان بەزارۆکەکان ببیننەوە،بەڵام ڕەنگەژنێکی خۆرئاوایی ئامادەنەبێت، جگە لەپێویست شیربدات بەمنداڵەکەی،بەم پێیەش شادی ودڵخۆشییەکەبۆدایکەکەدەگەڕێتەوەنەک بۆمنداڵەکە. واتە کاتێک شیردەدات بەمنداڵەکەی کەخۆی پێ دڵشادوبەختەورەبێت ...هەرئەمەشە دەکرێت ببێتەبنەماوسونبول بۆ دەرخستنی جیاوازی لەتێڕوانینوتێفکرینەکانمان بەبەراورد،لەگەڵ کۆمەڵگایەکی مۆدێرنوپێشکەوتو خواز..کەتیدیدا لەدەستدانی بەهامرۆییەکان بەعەیبەنەزانێت..!
ئەم بابەتەکۆمەڵێک سەرنجی لای من دروستکردهەربۆیەلەوسۆنگەیەوەوبەرلەوەی کۆتای بەم کورتەباسەم بهێنم بەپێویستم زانی ئەم چەندپرسیارە بهینمەکایەوە..کەزۆرئاساییەلەخەڵکی بکەیت وراوڕایەڵیشیان لەبارەیەوە وەربگریت لەهەمان کاتیشدا سەرنجو وەڵامی خۆمتان بۆ هەڵئەرێژم...بەڵکاسەرەتایەک بێت بۆتێگەیشتن لەدونیای پڕ لەنهێنی سۆزی دایک بۆمنداڵ.

**ئەوپرسیارانەی کەدەبێت وەڵامێکی ڕاستمان لەبارەیەوەبەدەستبگات..!**

- ئایاشیردان بەمنداڵ لەشوێنی گشتی داکارێکی باشەیان خراپ؟بەڕاستی ئەزانیت یان بەچەوت؟
بەڕای من هێندەی پێویستەگرنگی بەداخوازی منداڵەکەبۆشیروکاتی شیردان بدرێت،هێندە پێویست ناکات گرنگی بەوەبدرێت لەکوێ شیربەمنداڵ بدرێت.بەڵام بەداخەوەلەهەندێک کۆمە ڵدا شیردان بەمنداڵ لەشوێنێکی گشتی بەعەیبەدەزانرێت.
- هیچ دایکێکت بینیوە شیر بەمنداڵەکەی لەچێشتخانەیان لەقاوەخانەیک یەک بدات؟
بەڵێ لەخۆرئاوادا.؟
- ئایاڕاستە ماندوبوون،ترس،نیگەرانی دایک،تورەیی سترێس کاردەکەنەسەرکەم وزۆری ڕێژەی شیری دەرهاویژراو.!؟
- بەڵێ بەدڵنیایەوە.
- ئایاپیاوغیرەلە ژنەکەی دەکات کەشیردەدات بەمنداڵەکەی ؟تۆبڵێت ژنی خۆرئاوای لەپێناو پاراستنی پەیوەندی خۆشەویستی پیاوەکەیولەدەستنەدانی هەتاهەتایە....زوو شیر بڕین لەمنداڵەکەی باکاتەپردێک بۆڕونەدانی کارەساتی گوتەزای ژنومێردلەپاش یەک دوومنداڵ (دەبنەخوشکوبرا)؟
دەشێت وابێت.
- گوێنەدان بەکاتی شیردانوبۆدەمکوتکردنی منداڵی گرینۆک بەڕاست ئەزانیت؟
نەخێر.

---

پەروایز
ئێستالەخۆرئاوادایەکەیەکی ڕاهێنان پێکهێنراوەبۆفێرکردنی ژن کەچۆن بتوانیت شیربدات بەمنداڵەکەی..لەبەر ئەوەی زۆربەی ژنانی خۆرئاواناتوانن شیربدەن بەمنداڵەکانیان ڕاستر منداڵەکە شیرناگرێت.